# نمونەی من وئەوەی پێی نێردراوم لە هیدایەت (ڕێنموێنی) وزانست وەکو بارانێکی بەلێزمە وایە کە ببارێت بەسەر زەویەکدا، هەندێک شوێن خاکی باش ونەرمی لێیە، بۆیە ئاوەکە هەڵدەمژێت سەوزایی وگژوگیای زۆری لێدەڕوێت، وخاکی وا هەیە ڕەقە، ئاوەکە لە خۆ دەگرێت، بۆیە خەڵکی لێی سوودمەند بوون؛ خواردیانەوە وبەکاریان هێنا بۆ ئاودانی ئاژەڵەکان وبەرووبومەکان

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی من وئەوەی پێی نێردراوم لە هیدایەت (ڕێنموێنی) وزانست وەکو بارانێکی بەلێزمە وایە کە ببارێت بەسەر زەویەکدا، هەندێک شوێن خاکی باش ونەرمی لێیە، بۆیە ئاوەکە (ئاوی بارانەکە) هەڵدەمژێت سەوزایی وگژوگیای زۆری لێدەڕوێت، وخاکی وا هەیە ڕەقە، ئاوەکە (ئاوی بارانەکە) لە خۆ دەگرێت، بۆیە خەڵکی لێی سوودمەند بوون؛ خواردیانەوە وبەکاریان هێنا بۆ ئاودانی ئاژەڵەکان وبەرووبومەکان، وهەندێک خاکی تر (تەختاییە) نە ئاوەکە لە خۆ دەگرێت ونە سەوزایی دەڕوێت، ئەمیش (مەبەست: نمونەی یەکەم ودووەمە) نمونەی ئەو کەسەیە کە لە ئاینی خودا تێگەیشت وسوودی بۆی هەبوو لەم (پەیامەی) خودا لە ڕێگەی منەوە ناردوویەتی؛ بۆیە فێر بوو وخەڵکی فێرکرد، و (مەبەست: نمونەی سێیەم) نمونەی ئەو کەسەیە کە سەری بۆی بەرز نەکردەوە (واتا: خۆبەگەورەزان بوو لەوەی فێری بێت وسوودی بۆی هەبێت) وهیدایەت (وڕێنمونی) خودای وەرنەگرت کە لە ڕێگەی منەوە نێردراوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (نمونەی من وئەوەی پێی نێردراوم لە هیدایەت -ڕێنموێنی- وزانست وەکو بارانێکی بەلێزمە وایە کە ببارێت بەسەر زەویەکدا) لێرەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو زانست وهیدایەتەی پێی هاتووە چواندوویەتی بە باران وحاڵی خەڵکی لەگەڵ ئەم هیدایەتە چوێندراوە بە خاک، بۆیە دەبنە سێ بەشەوە: 1/ خاکێک باش ونەرمە ئاوەکە وەردەگرێت، وسەوزایی وگژوگیای زۆر دەڕوێنێت، وخەڵکی سوودی لێوەردەگرێت. 2/ وخاکێکی تر ڕووەک وسەوزایی ناڕوێنێت بەڵام هەندێک لە ئاوەکە لە خۆ دەگرێت وخەڵکی سوودی لێوەردەگرن ولێی دەخۆنەوە ودەیدەن بە ئاژەڵەکانیان وبەرووبومەکانیانی پێ ئاودەدەن. 3/ وهەندێک خاکی تر (تەختاییە) نە ئاوەکە لە خۆ دەگرێت ونە سەوزایی دەڕوێت. خەڵکی بەم شێوەیەن لە ئاستی وەرگرتن وشوێنکەوتنی ئەو پەیامەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی هاتووە لە زانست وهیدایەت، خەڵک هەیە دینی خودا فێر دەبێت وتێدەگات وخەڵکی فێر دەکات، وخەڵکی سوود لە زانستەکەی وەردەگرن. وجۆرێکی تر لە خەڵکی چوێندراون بە نمونەی دووەم، زانست وهیدایەتیان پێیە بەڵام وەکو پێویست لێی تێنەگەیشتن، واتا گێڕەرەوەی زانست وفەرموودە بوون، بەڵام تێگەیشتوو نەبوون لە ئاینەکەدا، وجۆری سێیەم هەروەکو لە نمونەی سێیەمدا باسکراوە ئەو کەسەیە کە سەری بەرز نەکردەوە بۆ ئەم زانست وهیدایەتە وشوێنی نەکەوت، ویشتی لێی کرد، وگوێی پێنەدا، بۆیە ئەو کەسە سوودی بۆ خۆی وبۆ خەڵکیش نەبوو سەرەڕای ئەوەی پەیامی ئیسلامیشی پێگەیشت.